# زیرەکیی دەستکرد و سینەما:
## شۆڕشێکی نوێ لە جیهانی فیلمسازیدا

م. ی. دانا محەمەد عەبدوڵڵا*
(زانکۆی سەڵاحەددین- کۆلێژی هونەرە جوانەکان)

**پوختەی توێژینەوە:**

لە مێژووی سینەمادا، چەندان گۆڕانکاریی تەکنۆلۆژی گەورە ڕوویان داوە و هەمیشە وەک بزوێنەرێکی سەرەکی کاریان کردووەتە سەر پێشکەوتن و داهێنان لە فیلمسازیدا. لە سەردەمی فیلمە بێدەنگەکانەوە، کە وێنە و جووڵە تاکە شێوازی گەیاندنی چیرۆک بوون، تا دەگاتە سەردەمی دەنگی و ڕەنگ، سینەما بەردەوام خۆی نوێ کردووەتەوە. ئەمڕۆ جیهان لە ئانوساتی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی دیکەدایە کە بریتییە لە تەکنۆلۆژیای زیرەکیی دەستکرد (AI). ئەم هێزە شۆڕشگێڕییە نەک تەنیا کاریگەریی لەسەر یەک ڕەگەزی هونەری هەیە، بەڵکوو هەموو قۆناغەکانی فیلمسازی گۆڕیوە و پرسیار لەسەر داهێنان، ڕەسەنایەتی و ڕۆڵی داهاتووی مرۆڤ لەم پیشەسازییەدا دروست دەکات.

ئەم توێژینەوەیە بەناوونیشانی (زیرەکیی دەستکرد و سینەما: شۆڕشێکی نوێ لە جیهانی فیلمسازیدا) لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی گەشەسەندنی زیرەکیی دەستکرد (AI) لەسەر پیشەسازیی سینەما دەکات، بە شیکردنەوەی چۆنیەتی گۆڕینی قۆناغەکانی فیلمسازی، لە قۆناغی پێش بەرهەمهێنانەوە تا قۆناغی پاش بەرهەمهێنان. توێژینەوەکە بە شێوازێکی شیکاری وەسفی، بە پشتبەستن بە سەرچاوە زانستییەکان و نموونەی لە فیلمە

بەناوبانگەکاندا، ڕۆڵی AI وەک هاوکارێکی داهێنەر، لە فیلمی «Sunspring» و «The Irishman»، شی دەکاتەوە، هەروەها، توێژینەوەکە بە وردی ئاڵنگارییە ئەخلاقی و پیشەییەکانی وەک پرسیاری ڕەسەنایەتی هونەری و کاریگەری لەسەر هەلی کاری فیلمساز دەخاتەڕوو، کە بووە هۆی مانگرتنی سەندیکای ئەکتەران و نووسەران لە هۆلیوود، دەرەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە کاتێکدا AI دەبێتە هۆی شۆڕش لە هونەری سینەمادا، داهاتووی ئەم پیشەسازییە لەسەر هاوبەشیی نێوان داهێنانی مرۆڤ و ژیریی تەکنۆلۆژیا بنیاد دەنرێت.

**١- قۆناغی پێش بەرهەمهێنان (Pre-production):**

لە بیرۆکەوە بۆ سیناریۆ:

لە سەرەتای هەر پرۆژەیەکی سینەماییدا، قۆناغی پێش بەرهەمهێنان گرنگی گەورەی خۆی لە سەرکەوتنی فیلمدا هەیە. زیرەکیی دەستکرد لەم قۆناغەدا وەک هاوکارێکی نووسینی بیرۆکە دەردەکەوێت. پلاتفۆرمەکانی وەک ChatGPT و مۆدێلەکانی (LLMs) دەتوانن لە چەند چرکەیەکدا بیرۆکە و چیرۆک و سیناریۆ دروست بکەن. ئەم مۆدێلانە بە شیکردنەوەی ملیۆنان نووسراو و دەق، گێڕانەوەی چیرۆک و پێکهاتەی سیناریۆنووسی تێدایە و دەتوانێت بەپێی داواکاریی نووسەر دیمەن و دیالۆگ بنووسێت. لە فیلمی کورت و تاقیکاریی «Sunspring» (٢٠١٦)، AI بەناوی Benjamin تەواوی سیناریۆکەی نووسی، ئەمەش لەم بوارەدا وەک یەکەم هەوڵی جیددیی مرۆڤ و زیرەکیی دەستکرد بوو. سەرەڕای ئەوەی سیناریۆکە کەمێک ناڕوون بوو، بەڵام دەرخەری توانایی ئەم تەکنۆلۆژیایە بوو.

هەروەها، زیرەکیی دەستکرد لە هەڵبژاردنی ئەکتەر (casting) و دیاریکردنی شوێنی وێنەگرتن (location scouting) بەکاردەهێنرێت. سیستمەکانی AI دەتوانن بە شیکردنەوەی داتای پێکهاتەی دەنگی و جووڵەی ئەکتەرەکان، ئەو کەسانە بدۆزنەوە کە گونجاوترینن بۆ ڕۆڵێکی دیاریکراو. لە هەندێک حاڵەتدا، زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت ڕوخساری ئەکتەران دروست بکات کە پێویستیان بە هیچ شێوازێکی فیزیایی نییە، ئەمەش تێچووی بەرهەمهێنان زۆر کەم دەکاتەوە و لە فیلمەکانی وەک Rogue One: A Star Wars Story (٢٠١٦) دیمەنی ئەکتەرێکی کۆچکردوو (Peter Cushing) بە تەکنۆلۆژیای CGI و زیرەکیی دەستکرد دروست کرایەوە.

**٢ - قۆناغی بەرهەمهێنان (Production):**

**کامێرا**

لە کاتی وێنەگرتندا، زیرەکیی دەستکرد بووەتە هاوکارێکی دەرهێنەر و سینەماتۆگرافەر. ڕۆبۆتە زیرەکەکان دەتوانن بە وردییەکی سەرسووڕهێنەرەوە جووڵەی کامێراکان کۆنترۆڵ بکەن، بەتایبەتی لە دیمەنە ئەکشنییە خێراکاندا. ئەم ڕۆبۆتانە بە شێوەیەکی خۆکارانە فۆکەس لەسەر ئەکتەرەکان ڕادەگرن و جووڵەیەکی زۆر خاوێن و جێگیریان هەیە کە ئەمە بە دەستی مرۆڤ ئەستەمە، هەروەها لە فیلمە زانستی -خەیاڵی و فانتازییەکاندا، دیمەنی سێ ڕەهەندی و کارەکتەری خەیاڵی بە یارمەتیی زیرەکیی دەستکرد دروست دەکرێن.

دیارترین نموونە لەم بوارەدا بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای De-aging کە لە فیلمی (The Irishman - ٢٠١٩)ی دەرهێنەر مارتن سکۆرسێزی بەکارهێنرا. تیمی فیلمەکە تەکنۆلۆژیایەکی پێشکەوتووی تایبەتی بەکار

هێنا بۆ ئەوەی ڕوخساری ئەکتەرانی وەک ڕۆبێرت دی نیرۆ و ئەل پاچینۆ بە گەنجی پیشان بدەن. ئەم تەکنۆلۆژیایە پشت بە شیکردنەوەی دیمەنەکان لەلایەن (AI)ـەوە دەبەستێت بۆ ئەوەی چرچولۆچییەکانی ڕوخسار بسڕێتەوە و شێوازی چاو و ڕەنگی پێستیان بگۆڕێت، ئەمە نەک تەنیا تێچووی ئارایشت و گریم و کاریگەرییەکان کەم دەکاتەوە، بەڵکوو ئەزموونێکی زۆر ڕاستەقینەتریش بە بینەر دەبەخشێت.

### ٣- قۆناغی پاش بەرهەمهێنان (Post-production)، مۆنتاژ

قۆناغی پاش بەرهەمهێنان، ئەو شوێنەیە کە زیرەکیی دەستکرد کاریگەرییەکی زۆری لەسەر فیلم دروست کردووە. پرۆگرامەکانی مۆنتاژی زیرەکیی دەستکرد دەتوانن بە خێرایی و بە وردی، باشترین دیمەنەکان هەڵبژێرن و مۆنتاژیان بکەن، هەروەها لە ڕێکخستنی دەنگدا، AI دەتوانێت بە شێوەیەکی خۆکارانە دەنگی نۆیس (noise) و دەنگی ئەتمۆسفێر بسڕێتەوە. لە بواری ڕێکخستنی ڕەنگدا (Color Grading)، پرۆگرامە زیرەکەکان دەتوانن ڕەنگەکان بە شێوازێکی سینەمایی ڕێک بخەن و کوالێتی وێنەکان بەرز بکەنەوە کە لەگەڵ چیرۆکدا بگونجێت و بە پێی داواکاری فیلمساز بێت.

بەڵام گرنگترین بەکارهێنانی AI لەم قۆناغەدا لە دروستکردنی کاریگەرییە بینراوەکان و کارەکتەری کۆمپیوتەرییە. فیلمی (Avatar - ٢٠٠٩) بە یارمەتی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و زیرەکیی دەستکرد دروست کراون. تیمی فیلمەکە سیستمی AIیان بۆ دروستکردنی جیهانی خەیاڵی و ڕووەک و گیانلەبەرەکانی سەر هەسارەی پاندۆرا بەکارهێنا. لەم حاڵەتەدا زیرەکیی دەستکرد وەک یارمەتیدەرێک کاری بۆ دروستکردنی وردەکاریی گرتە و دیمەنەکان کردووە.

### ٤- ئاڵنگارییە ئەخلاقی و پیشەییەکان

سەرەڕای ئەم هەموو گۆڕانکارییانە لە بەرهەمهێنانی فیلمدا کە سوودی بۆ جیهانی فیلمسازی هەبووە، بەڵام زیرەکیی دەستکرد چەندان پرسیاری ئەخلاقی و فەلسەفی لەبارەی داهاتووی سینەماوە ورووژاندووە.

**یەکەم:** پرسیاری ڕەسەنایەتیی هونەری دێتە کایەوە. کاتێک چیرۆکێک، یان کارەکتەرێک لەلایەن ئەلگۆریتمێکەوە دروست دەکرێت، ئایا دەتوانرێت پێی بوترێت هونەرێکی ڕەسەن؟ ئایا هەستی مرۆڤ، ئەزموونی ژیان و سۆز دەتوانرێت لەلایەن کۆمپیووتەرێکەوە دروست بکرێت؟

**دووەم:** کاریگەریی لەسەر پیشە و هەلی کارەکان، بابەتێکی دیکەی گرنگە. ئەگەر زیرەکیی دەستکرد بتوانێت مۆنتاژ، گریم و تەنانەت ڕۆڵی ئەکتەرەکان بۆ خۆی بگوازێتەوە، داهاتووی ئەو کەسانە چی لێ دێت کە لەم بوارانەدا کار دەکەن؟ سەندیکای هونەرمەندان و ئەکتەران و نووسەران لە هۆلیوود نیگەرانی خۆیان لەسەر ئەم پرسە دەربڕیوە و لە ساڵی ٢٠٢٣ مانیان گرت، چونکە پێیان وابووە کە کاریگەریی گەورەی کردووەتە سەر کارکردنیان و ڕەنگە لە داهاتوودا کارەکانیان لە دەست بدەن.

### ٥- دەرەنجام

#### هاوبەشیی نێوان مرۆڤ و تەکنۆلۆژیا

زیرەکیی دەستکرد نەک تەنیا ئامرازێکی نوێیە، بەڵکوو هێزێکی شۆڕشگێڕە کە ڕێگە بۆ

ژانری نوێی فیلم و گێڕانەوەی چیرۆک (ستۆری تێلینگ) دروست دەکات، ئەمە کۆتایی بە ڕۆڵی مرۆڤ ناهێنێت، بەڵکوو ڕەنگە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بێت کە تێیدا داهێنانی مرۆڤ لەگەڵ توانایی بێسنووری تەکنۆلۆژیا یەک دەگرن. پێویستە لەجیاتی ئەوەی AI وەک ڕکابەرێکی مرۆڤ سەیر بکرێت، دەبێت وەک هاوکارێک سەیر بکرێت کە کاریگەرییەکانی گەورەترن لەو کێشانەی کە دروستی کردوون. داهاتووی سینەما بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر هاوبەشیی نێوان هەستی مرۆڤ و ژیریی تەکنۆلۆژیا بنیاد دەنرێت.

*** بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.**

**سەرچاوەکان:**

1. Hanson, P. (2020). AI and the Future of Filmmaking: How Artificial Intelligence is Transforming the Movie Industry. Journal of Film and Media Studies, 45(2), 112-128.

2. Krueger, L. (2022). From Script to Screen: The Impact of AI on Film Production and Post-Production. The Cinematic Review, 31(4), 55-70.

3. Bordwell, D., & Thompson, K. (2021). Film Art: An Introduction. (12th ed.). McGraw-Hill Education.

4. Wired Magazine. (2023). The AI Revolution Is Coming for Hollywood. Retrieved from https://www.wired.com/story/ai-revolution-hollywood-strikes/

5. Schwartz, J. (2020). Artificial Intelligence in Film: The De-aging of «The Irishman.» IEEE Spectrum.